**أحمد عبدالله زبير**

**ســەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :** 3167 **لە** 2015/4/8

**پاڵپشت بە برگەی ( 4 و13 ) لە ماددەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئـاو ژمارە ( 6 )ی ساڵی 2010 ئەم رێنمایەی خوارەوە مان دەرکرد .**

**رێنمایی ژمارە ( 4 )ی ساڵی 2015**

**تـاییەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی بـاخی مێوە**

**ماددەی یەکەم : پێناسەی زاراوەکان :**

**وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو .**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی : بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .**

**بەرێوەبەرایەتی باخداری : مەبەست بەرێوەبەرایەتی باخداری یە لەناو پەیکەری ب .گ کشتوکاڵ لە سنوری پارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان .**

**باخ : زەوی چێندراو بە هەموو جۆرە نەمامێکی بەردارە لە یەکەی رووبەری رێگە پێدراو .**

**ماددەی دووەم :**

**مەرجە یاساییەکانی زەوی بۆ دامەزراندن :**

**1-رێگە دەدرێت بە دامەزراندنی باخ لەسەر زەوی مولك یان زەوی ئەمیری کە مافی بەکارهێنانی هاووڵاتیانی لە سەرە ،بە مافی رەفتار کردن یان گرێبەستی کشتوکاڵی هەمیشەیی یان بە بریاری دابەشکردن بە پێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117)ی ساڵی 1970 و یاسا بەرکارەکانی دیکە .**